

# تەوەری شیعر

ئەگەر سەردەمانێك شیعر بەحوكمی هەلومەرجە سیاسیو كۆمەڵایەتیو كولتوورییەكان باركرابێت بە كۆمەڵێك وەزیفەو ئیلتیزامات، ئەوا لەم سەردەمەدا بەهۆی كۆمەڵێك گۆرانكارییەوە، شیعرو رەگەزە شیعرییەكان تەواو ئازادبوون، بەڵام ئایا لەگەڵ ئەو مێژووە بەرچاوەی شیعری كوردیدا تا ئێستا توانیویەتی وەك میراتێك بۆ نەوەی تازە سوودی هەبێت؟ یاخود شیعری كوردی بەهەموو قۆناغەكانییەوە تا چەند توانیویەتی هەوڵی نوێبوونەوە لە زمانو شێوازی نووسینو دەربڕیندا بداتو خۆی رزگار بكات لەو شێوە باوەی كە پێشتر نووسراون؟ لەگەڵ بوونی چەند هەوڵێكی لێرەو لەوێ بۆ بردنی شیعری كوردی بە ئاراستەیەكی نوێگەرو فرەمانادا، شیعری ئێمە تا چەند توانیویەتی هاوشانی شیعری جیهانی خۆی نمایشبكات؟ بەتایبەت لە ئێستادا نەوەیەكی تازە دەستیان داوەتە نووسینی شیعر، ئایا ئەم نەوە تازەیە توانیویەتی خۆی لەژێر كاریگەریی بەرلەخۆیدا رزگار بكاتو شێوازو زمانو دەربڕینی تازە بخولقێنێت؟

ئەم پرسیارانەمان ئاراستەی (جەلال بەرزنجی، ناڵە حەسەن، گۆران سدیق) كردو هەریەكەیان لە دیدی خۆیانەوە وەڵام دەدەنەوە...

**ئا: ئیدریس عەلی**



**جەلال بەرزنجی:**

**نەوەی ئێستا میراتێکی شیعرییان هەیە، ئەگەر بەوردی بگەڕێنەوە سەر ئەو میراتە رەنگە سوودیان هەبێت...**

هەوڵی هەردوو شاعیر (گۆران و شێخ نوری) روانگە و گروپی کفریو شاعیرانی پێشڕەو لە هەولێر، ئەو هەوڵە دیارانەن، کە لە رابردوو بۆ نووسینی شیعری کوردی بە شێوازێك و زمانێکی جیاواز دراون، بەڵام زۆرتر چوونەتە خانەی نوێبوونەوەی هزرو ماناو سۆزو گوتار (دیسکۆرس)ی نیشتمانپەروەری و کەمێکیش شێوازگۆڕین، تا ئێستا نەتوانراوە ئەو بارە قورسەی ساڵانێکە لە ئەستۆی زمانی کوردییە سووك بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێ زمان ئازاد بکرێت و بە ئاسانی لەگەڵ رۆحی سەردەم و گۆڕانە گەورەکاندا بڕوات و بەکاربهێنرێ.

من دەساڵە لە کوردستان دوورم، بێجگە لە خوێندنەوەی بەرهەمی هەندێك لەو شاعیرانە کە لەسەر سایتەکان دەیانبینم، ئاگاداری هەموو هەوڵ و کۆششەکانی تری ئێستا نیم، ئەگەر وەك گروپ، بۆ نووسینی شیعری جیاوازو جوان بدرێن، ئەو هەوڵانەی من دەیان بینم بۆ نووسینی شیعری نوێ، زیاتر هەوڵی تاکەکەسین (ئیندیڤگوەڵ)ن.

نەوەی ئێستا میراتێکی شیعرییان هەیە، ئەگەر بەوردی بگەڕێینەوە سەر ئەو میراتە رەنگە شیعری جوان ببینیتەوە، کە دوای هیلاکی و ئەزموونێکی درێژ نووسراون، سوودیان هەبێت بۆ نەوەی نوێ تا بزانن شیعری کوردی لە کوێیە؟ تا ئاگاداری ئەوە بن بەرەو چ لایێك (دایرێکشنێك) دەڕۆن؟

هەڵبەتە لە بەمیرات زانین یان نەزانینی ئەو کولتوورە شیعرییە، رای نەوەی تازەش گرنگە، بەمەرجێك هەمیشە لایەنگیری شیعر بکەن، دووربن لە غرورو یاخیبوونی بێ بناغە و پێوانەکانی تر بۆ سەیرکردنی ئەو سەرچاوانە.

حاڵەتەکانی دوای خوێندنەوەی شیعری جیهانی کەمێك جیاوازە لەگەڵ ئەو حاڵەتەی دوای خوێندنەوەی شیعری کوردی لات دروست دەبێت! خوێنەرانی باکووری ئەمریکا زیاتر حەزیان لەو شیعرانەیە بەزمانێکی سادە دەنووسرێن و دەیانخاتە حاڵەتی خۆشی (ئینتەرتێیمەنت)، یان شتێکیان پێ دەڵێ.. خوێنەری کورد لە شتێکی تر راهاتووە، ئەو زەوقە هێشتا زۆر نەگۆڕاوە، بۆ ئێرە.. (باکووری ئەمریکا) کەمێك نامۆیە، زۆرجار نووسەرانی کورد لەبەر قەرەباڵغکردنی ئەو زمانەی پێی دەنووسن درەنگ یان هەر ناگەی بە جوانیی شیعرەکەیان، یان مەبەستی نووسینەکەیان، داوای لێبوردن دەکەم کە وا کەمێك لە وەڵامی پرسیارەکەی تۆ دووردەکەومەوە، بەڵام ئەوەی دەشیلێم هەر پەیوەندیی بەزمانەوە هەیە، هێنانەوەی نموونەیەکە، ئەویش نووسینێکی کوردی بۆ روونکردنەوەی مەبەستەکەم، لە وەڵامی پرسیارەکەتان نزیکە. لە کاتێکدا وەڵامی پرسیارەکانی ئێوەم دەدایەوە، لە ژمارە 99ی رەخنەی چاودێردا نووسینێکم لەسەر شیعری (ماڵێك لەناوجانتا)ی خۆم بەرچاو کەوت، کە لەلایەن (دانا عەسکەر) نووسرابوو، هەرچەندە من نامەوێ وەڵامی نووسینەکەی بدەمەوە، چونکە ئەوە بۆچوونی خۆیەتی، تەنیا ئاماژەیەك بە زمانەکەی دەکەم کە زۆر (توندوتیژ)و وشك بوو، تا ئەندازەی ئەوەی هەست دەکرا رقێك لە پشتەوەی هەبێت، گوایە وتارەکەی لەسەر من نووسیوە، بەڵام نووسینەکەی شەش ستوونە، چوار ستوونو نیوی پێشەکی بوو، بەقسەی ئەم و ئەو و شتی گشتی پڕی کربووەوە، باڵی زمانەکەی ئەوەندە قورس کردبوو نرکەی دەهات! گوایە مانشێتەکە لەسەر شیعرەکەی من بوو، بەڵام تەنیا یەك ستوون و نیوی نووسینەکەی لەسەر شیعرەکەی

من بوو، من کە باسی زمان دەکەم مەبەستم ئەم لایەنەیە، نەك رێزمان، رەنگە زۆربەی داهێنەرکان لە تاقیکردنەوەی بەردەستی (مامۆستایەکی رێزمان دەرنەچن) لەگەڵ ئەوەش دەقی شیعریی جوانمان هەیە کە وەردەگێردرێنە سەر زمانێکی تری جیهانی، جوانیی خۆیان لەدەست نادەن. خوێنەری جیهانی بۆ خۆیان دروستدەکەن!، وەکو لە وەڵامی پرسیارێکی تریش ئاماژەم پێ دا، نەبوونی (زمانێکی ئازاد)و ئاسان و جوانو خاوێن، هەروەها نزیکبوونەوەی لە ژیان لە جیاتیی نزیکبوونەوەی لە سیاسەت و قسەو دروشمی رۆشنبیریی گەورە (خاوەنداریەتیی خۆکردن) زۆر دوورنەکەوتنەوە لە شیعر، چونکە شیعر زۆرمان لێ نزیکە و ئەگەر زۆر دوور برۆین و لێی دووربکەوینەوە ناتوانین بە تازەیی بینووسین!.

دوای ساڵی دووهەزار ناوە ناوە دەقی جوانی شیعری لەسەر سایتە کوردییەکان دەخوێنمەوە، کە خۆت یەکێکی لەو شاعیرانە، بەڵام چونکە زۆر دوورم، رەنگە بەرهەمی هەندێکیانم بەر چاو نەکەوتبێت، بۆیە ناتوانم رایەکی ورد لەسەر ئەو هەموو شاعیرانە بدەم کە پێش یان دوای ساڵی دووهەزار دەرکەوتوون.



**ناڵە حەسەن:**

**شیعری کوردی لە قۆناغی ئێستادا بە بەراورد لەگەڵ دوێنێی خۆیدا بە بڕوای من لە ئاستێکی باڵاترە، هەوڵەکانیش ڕوو لە پێشن..**

سەدەی بیستەم سەدەیەکی درەخشانە لە مێژووی ئەدەبی و هونەری دنیادا، هەر لەم سەدەیەدا لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و هاتنەپێشەوەی کارەسات و رووداوە مێژووییەکان، ئاڵوگۆری گەورە بەسەر بنەما ئابوورییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بیرکردنەوەی مرۆڤدا هاتووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و بەدوای دەیەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا، لەنێو هەناوی تراژیدیاکانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا چەندین قوتابخانەی ئەدەبی و هونەری لە سەرتاسەری دنیا پەیدا بوون، کە هەر یەکێك لەم قوتابخانانە میتۆد و ئەلگۆیەکی تازەی لەنێو هەگبەی خۆیدا هەڵگرتبوو. رۆئیا و بینینی تازە بۆ فۆرم و ناوەرۆك و زمان و شێوەی دەربڕینی تازە. ئەوەتا لە ئەمریکا قوتابخانەکانی: وێنەیی و مۆدێرنیزم و چیای رەش و... لە فەرەنسا سوریالیزم و دادایی و... لە ئیتالیا ئایندەییەکان (فیوچەریزم) و لە ئوستراليا Jindywrobaks و Angry Penguins و.... کە هەندێك لەو قوتابخانانە نەك تەنها روانینەکانیان بۆ ئەدەب و هونەر نوێ بوو، بەڵکو رەخنەیەکی ریشەییان دەگرت لە دابونەریتی کۆن و لە سیستەمی فێرکردن و تەنانەت لە سیستەمی دەسەڵات و بنەما ئابوورییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە، ئەگەر لێرەوە لە نوێبوونەوەی شیعری کوردی بڕوانین. دەبێ بگەڕێینەوە سەردەمی گۆرانی شاعیر، کە لەو کاتەدا ئاڵوگۆڕێکی زۆر سەرەتایی لە شیعری کوردی بەدیهات، ئەویش بە گۆرانی کێشی عەروزی عەرەبی بۆ کێشی پەنجە یاخود کێشی خۆماڵیی کوردی. دوابەدوای ئەوە هەوڵەکانی ڕوانگە، بەڵام ڕوانگە بەرئەنجامێکی دیاریکراو و ئیجابیی لێ نەکەوتەوە. بەنەزەری من ڕوانگە هەر لە بنەڕەتەوە بەیانی ڕاگەیاندنەکەی خیتابێکی سیاسی و ناوەرۆکێکی سیاسی بوو زیاتر لەوەی هەوڵدانێکی جوانکاری و ئیستاتیکی بێت بۆ خەمێندن و بەرهەمهێنانی دەقی تازە و ڕوانینێکی نوێ و جیاواز. لە ناوەراستی هەشتاکان کاریگەریی قوتابخانەکانی: بوونگەرایی و بوونیادگەری و وێنەیی بەسەر شاعیران و شیعری ئەوکاتە تا ئاستێك دەبینرا. دەکرێ شێواز و هەوڵەکانی (ئەنوەر مەسیفی و عەباس عەبدوڵڵا یوسف) و یاخود دیوانە بێناونیشانەکەی (فەرید زامدار)ی شاعیر و چەندانی تر لەم ڕاستایەدا بخوێنینەوە. بەدوای قۆناغی هەشتاکاندا دەکرێ باسی شاعیرانی ئێستا بکەین کە دیدێکی رۆشنتریان هەیە بۆ نوێبوونەوە و داهێنان، بۆ مەعریفەی دەق و زمان و بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خەیاڵ و فەنتازیا و هونەری وشە و زمان.. بۆ ڕۆچوونی قووڵتر بەنێو پانتاییەکانی زمانی خەون و خەیاڵە بێئاگاییەکانی مرۆڤ

و دۆزینەوەی کۆد و مرواریيە جوانەکانی کردەی نووسین و داهێنان. شیعری کوردی لە قۆناغی ئێستادا بە بەراورد لەگەڵ دوێنێی خۆیدا بە بڕوای من لە ئاستێکی باڵاترە، هەوڵەکانیش ڕوو لەپێشن.

سەرەتا گوتم (شیعری کوردی ئێستا لە قۆناغێکی باڵاترە) بەمانای مەبەستم قۆناغی نەوەی پاش ڕاپەڕینە. دەکرێ باسی ئەو بارودۆخەش بکەین کە بەدوای ڕاپەڕینەوە هاتۆتە ئاراوە. کۆچکردنی سەدان شاعیر و نووسەر بۆ دەرەوەی وڵات و فێربوونی زمانە زیندووەکانی جیهان و بەهرەمەندبوون لە دابونەریت و هۆشیارییەکی نوێ و ئاشنابوونی زیاتر بە قوتابخانە فەلسەفی و ئەدەبی و هونەرییەکانی جیهان، وەك بەرپاکردنی شۆڕشێکی فیکری بە وەرگێڕانی سەدان کتێب و سەرچاوەی نایاب لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.. گەشەسەندنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ئاستێکی فراوانتر، دەستەبەرکردنی بڕێك لە ئیمکانیاتی مادی بۆ نووسەران و هەروەها بەهرەمەندبوون لە داهێنان و پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا وەك سەتەلایت و مۆبایل و ئینتەرنێت لە کورتترین ماوەدا... ئەمانە هەمووی کاردانەوەی پۆزەتیڤیان بوو بەسەر بیرکردنەوەکانی شاعیران و نووسەران لەم دەورانەدا بۆ کردەی نووسین و نوێبوونەوە و داهێنان. دەتوانم بڵێم شاعیران و نووسەرانی نەوەی پاش ڕاپەڕین چانسێکی گەورەتریان بوو. خاڵێکی تر دەکرێ باسی بکەم وەك چۆن قوتابخانەکانی دادائی و سوریالییەکان زۆر لەژێر چەمکە سایکۆلۆژییەکەی فرۆیددا بوون، بەهەمان ئەندازە لەنێو دەقە شیعرییەکانی ئێستا هەست دەکەی زمانی شیعر زیاتر زمانی غەریزەکان و خەونەکان و هەستە نەستییەکانی مرۆڤە. قووڵتر لەنێو پانتایی غەریزە و خەونە چەپێندراوەکان کاردەکات، بە زمانێکی ئیرۆتیکی و گرنگی بە بەها ئیرۆتیکییەکان دەدات، کە ئەمەش لەنێو شیعری تازەی ئەمریکیدا ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە و بەتایبەت لەلای شاعیرە مێیەکان. بەمانایەکی تر ئێستای شیعری کوردی چ لە ڕوانگەی نوێبوونەوە و چ لە ڕوانگەی مەفهوم و تێگەیشتن لە شیعر و داهێنان دەتوانین بڵێین ئێستا ڕێچکەی خۆی گرتووە و بەدوای جوانییەکاندا دەگەڕێ و ئەو جوانیانەی لەگەڵ خەون و غەریزە و خەیاڵە سەربڕاوەکانماندا کوژراون. ئەو جوانیانەی ئارامی بە ڕۆح دەبەخشن و شوناسێکن بۆ گەورەیی و پیرۆزیی مرۆڤ.

شیعری ئێستا بەم ڕوانینەوە لەنێو دنیای ئەفراندن و داهێناندا هەوڵدەدا بە ستایلی تازەوە زمان ببێتە ئامرازێك بۆ ڕەنگکردنی جوانییەکان. هەوڵدەدا بۆ کەشفکردنی سیحر و نهێنییە شاراوەکانی وشە. هەوڵدەدا پەیوەندیی خود لەگەڵ هەستەکان و غەریزەکان و خەیاڵەکان، هەروەها پەیوەندیی خود لەگەڵ زمان و دەوروبەر و سرووشت و ڕەنگەکان پەیوەندییەکی کارا و فرە ڕەهەند بێ، هەروەك لە نووسینەکانی "دی سۆسێر" زۆر بە ڕۆشنی ئەوە دەخوێنیەوە کە "زمانی نووسین ئەو دەربڕینە ڕووتە نییە وەك ئەوەی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵ بەکاردەهێندرێ". مەبەستمە ئەوە بڵێم، هەوڵەکانی ئێستا بۆ ئەفراندن و داهێنانی دەقی جوان و ناوازە و ستایل و زمانێکی نوێ کە ئامرازێك بۆ دەربڕینی ئازادانەی بیر و ئەندێشەکانی مرۆڤ... گشتگیرتر و هەمەلایەنەترە، بۆیە من پێموایە لە داهاتوویەکی نزیك بەرئەنجامی ڕۆشنتر و داهێنانی گەورەتری لێدەکەوێتەوە.

ئەگەر باس لە بەراوردێك لەنێوان شیعری کوردی و شیعری جیهانیدا بکەین، وا پێویست دەکا ئاوڕێك لە تەمەن و لەو سەردەمە بدەینەوە کە شیعری کوردیی تیایدا لەدایکبووە. هەر لەو سەردەمەی شیعری کوردی کۆرپەیەکی ساوا بووە، لەو کاتەدا لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەك فەڕەنسا، بەریتانیا و ئیتالیا و ئەمریکا و ئیرلەندە و چەندین وڵاتانی تر باس لە نوێخوازی و مۆدێرنیزم دەکرا و هەوڵەکان لەم ڕاستایەدا زۆر کارا بوون و لە هەندێك لەم وڵاتانە گەلێك لەوەو پێشیش شۆڕشی ڕۆشنگەری دەستیپێکردبوو.

دیارە لێرەدا مەبەستم پاساوهێنانەوە نییە بەو مانایەی کە بڵێم چونکە تەمەنی شیعری کوردی لە ئاست تەمەنی وڵاتانی تر کورتترە، بۆیە داهێنانەکانی ئێمە لە ئاستی ئەواندا نەبووە. ئەوەتا شکسپیر و ڕامبۆی شاعیر و ڤانکوخی هونەرمەند لە تەمەنێکی زۆر کورتدا داهێنانی هێندە گەورەیان بووە و بوون بە نووسەر و شاعیر و هونەرمەندی جیهانی، کە هەموو دنیا پێیان سەرسامە و بۆ هەتا هەتایە مێژووی مرۆڤایەتی شانازییان پێوە دەکات، بەڵام ئێمە لەپاڵ ئەو تەمەنە و ئەو مێژووەی کە باسم کرد قەدەرێکی جیاوازمان بووە. ئێمەی کورد تراژیدیترین و مەرگەساتترین قەدەرمان هەبووە لە سەرتاپای مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئێمە هەمیشە لە ئامێزی مەرگ خەونمان بە مانەوە و بە ئایندەی خۆمانەوە بینیوە. مەبەستمە ئەوە بڵێم هاوار و دەنگ و سەدا و هەوڵەکانی شاعیرانی کورد بۆ مانەوە بووە نەك هەوڵدان بۆ نوێبوونەوە و گەڕان بەدوای جوانکردن و ڕەنگینترکردنی ژیان بوو بێت...! لای شاعیرانی ئێمە، شیعر هۆکار و ئامرازێك بووە بۆ بەرگری لە خود و نەتەوە و خاك، هەر بۆیە تا درەنگانێك ئەرکی سەرشانی شیعری کوردی زۆر قورس بووە. هەگبەی شیعر پڕبووە لە پەیام و لە هاوارێك بۆ هاندان و وشیارکردنەوەی خەڵك بۆ

بووژاندنەوە و هەستانەوەی شۆڕشەکانمان...! بەو مانایەی نەك هەر خوێنەری ئاسایی، بەڵکو سیاسییەکانیش لەژێر ڕەحمەتی خۆرەتاوی شیعر گەرمدەبوونەوە و گریان دەگرت!.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەگەر بە درەنگوەختەوەش بووبێت هەوڵدان بۆ نوێبوونەوە و گەڕان بە دوای جوانیدا هەر هەبووە. ئەوەتا لەو ڕاستایەدا (شێرکۆ بێکەس و بەختیار عەلی) بەرچاو ڕۆشن و بلیمەتی خاوەن داهێنانی گەورە و فرەئەزموون وەبەرهەمهاتوون، کە بە هەموو باوەڕێکەوە دەڵێم تواناکانی ئەم داهێنەرانەمان نەك هەر لە ئاستی نووسەران و بلیمەتانی جیهاندان، بەڵکو تواناکانیان زۆر لە سەرووتریشە. ڕەنگە لەناو ئێمەی کوردان کەسانی تریش هەبن لە ئاستێکی بەرزی توانا و داهێناندابن، بەڵام مەبەستەکەمان ئەوەیە، بۆ کۆمەڵگەیەکی کارای زیندووی پڕ داهێنان و ئاکتیڤ دەرکەوتنی چەند کەسانێك بڕی تینوێتیمان ناشکێنێ و لە ئاست خەون و خۆزگە گەورەکانماندا نین، مەبەستیشمان دەرخستنی توانای تاك نییە هێندەی مەبەستمانە بڵێین: بۆ نموونە لە فەرەنسا سوریالیستەکان شۆڕشێکی نوێخوازییان بەرپاکرد. بە ڕوئیای جیاواز و بە بیرکردنەوەیەکی نوێوە زۆر بە توندی ڕەخنەیان لە شێواز و بیرە تەقلیدییەکانی پێش خۆیان گرت، بەتایبەتی شێوازەکانی ڕیالیستەکان و ڕۆمانسییەکان... بە شێوازی زۆر تازە هەوڵەکانی خۆیان خستەڕوو و بەرئەنجامی دڵخۆشکەر و پۆزەتیڤیشی لێکەوتەوە. مەبەستمانە بڵێین هەوڵی لەو چەشنە لەلای شاعیرانی کورد لە دوێنێدا نەبووە یان وەك پێویست نەبووە. دیارە هۆکارەکانیشمان لەپێشدا خستۆتە ڕوو، بەڵام خۆشبەختانە بەدوای ڕاپەڕینەوە هەندێك هەوڵی بەرچاو دەبیندرێ، لەوانە (هەوڵەکانی نووسەرانی گۆڤاری ڕەهەند، هەوڵەکانی برادەرانی زناك ، هەوڵەکانی گۆڤاری وێران، هەوڵەکانی دەنگە نوێخوازەکانی نەوەی دوای ڕاپەڕین و چەندانی تر) کە هەریەکێك لەوانە هەوڵێك بووە لە ڕاستای نوێبوونەوە.. ئەگەرچی ئەم هەوڵانە داهێنانی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا بێت یان نا، بەڵام بە بڕوای من ناکرێت لە ئاقاری نوێبوونەوەی شیعری کوردیدا باس لەو دەنگ و هەوڵانە نەکرێت. لە کۆتاییدا ماوە ئەوە بڵێم.. ئەگەر شیعری کوردی بە بەراوورد لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی شیعری جیهانیدا، چ لە دوێنێ و چ لە ئێمڕۆکەدا ئەگەر لە ئاست خەون و خۆزگەکانیشماندا نەبێت، بەڵام دەکرێ ئەوە بڵێین: ئێستا ئەو ڕۆشنییەمان هەیە کە لە ئایندەیەکی زۆر نزیك خۆمان بگەیەنینە کاروانەکە و لە کورت ماوەدا بەخێرایی بۆ پێشەوە بڕۆین.

پاشان دەمەوێ ئەوە بڵێم، شیعر هیچ خەوش و گرفتێکی نییە، ئەوە شاعیرانن خەوش و گرفتیان هەیە...! وا پێویست دەکا قسە لەسەر خەوش و گرفتەکانی شاعیران بکەین. زۆر بە کورتی دەمەوێ ئەوە بڵێم: یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی هەندێك لە شاعیرانی کورد، کە هۆشمەندی و زەخیرە مەعریفییەکەیان لەو ئاستەدا نەبووە کە دیدێکی ڕۆشنیان هەبێت، بۆ نوێبوونەوە و داهێنان. دیارە نوێبوونەوە بە مانای (ئینۆڤەیشن) واتە خاوەن میتۆد و بیرکردنەوە و شێواز و ستایلێکی نوێی جیاواز لە دەورووبەر و لە دوێنێی خۆت. ئەگەر لە هەندێك دەقی شاعیرانمان بڕوانین جگە لە لاساییکردنەوەیەکی ڕووکەشیانە هیچی تر نییە. هەمیشە لاساییکردنەوەیان بە داهێنان بە خوێنەران فرۆشتووە. دیارە بۆ هەموو لایەکیشمان ڕۆشنە کە لاساییکردنەوە و داهێنان دوو شتی چەند لە یەکترییەوە دوورن. گرفتێکی تر هەتا ئێستاش لەلای هەندێك لە شاعیران شیعر هەڵگری چەندین پەیام و وەزیفەی جۆراوجۆرە، کە ئەمەش وا دەکات نەهێڵن شیعر بە فیردەوس و بە مەملەکەتی جوانییەکان بگات، مەملەکەتێك لە چەشنی (شاری مۆسیقارە سپییەکان). گرفتێکی تر هەندێك لە شاعیرانمان پێناسە و چوارچێوەیەك بۆ شیعر دادەڕێژن، بۆیە دەبینین هەمیشە لە بازنەیەکی دیاریکراوی چەقبەستوو سووڕاونەتەوە و هەمیشە خەریکی خۆدووبارەکردنەوە بوون.. دیارە بە بڕوای منیش شیعر ئەو شتەیە بە هیچ پێوانەیەك و بیرکردنەوەیەك پێناسە ناکرێ. ڕەنگە لێرەدا بێ ویستی خۆمان پەیوەست بین بە ڕوانینێکی ئایدیالی و بڵێین: شیعر وەك (خوداوەند) مانا و ڕووبەر و دەسەڵاتەکەی لە دەرەوەی توانا و بیرکردنەوەکانی مرۆڤە..! کاتێك شیعر پێناسە دەکەین و چوارچێوەی بۆ دادەڕێژین، هەرگیز ناتوانین ئازادانە دیوێکی تری جودا بۆ داهێنان و بۆ ژیان و خەون و خۆزگە و وڕێنە و سووتانە ئیستاتیکییەکانی مرۆڤ و پێگە و پەیوەندییەکانی بخەینە ڕوو. بۆیە کاتێك شیعر پێناسە دەکەین و سنوور و بازنەکانی بۆ دەکێشین بە هەر پێوەر و بیرکردنەوەیەك بێت، ڕەنگە ئەم پێوەر و بازنە و پێناسانە هەموو شتێك بن، بەڵام بەس شیعر نەبن...! نەبوونی ڕەخنەگری جدی و پشتنەبەستن بە هیچ میتۆدێکی ڕەخنەیی و بۆ هەڵوەشاندنەوە و لێکۆڵینەوە و ڕوانین لە دەقە شیعرییەکان و دەستنیشانکردنی کەموکورییەکان و یان خستنەڕووی دیوە جوانەکانی دەقەکە و ڕەنگە ئەوەش گرفتێك بێت وا بکات کە شاعیران تەنها پشت بە توانا و زەخیرە مەعریفییەکەی خۆیان ببەستن و هیچی تر.



## گۆران سدیق:

**ئێمە ناتوانین خۆمان لەو حەقیقەتە فەرامۆش بکەین، کە شیعر یاخود ئەدەب هەمیشە پێویستیان بەو پردە هەبووە، کە لێوەی بتوانرێت هەنگاوەکانی گەیشتن بە بوون درووست بێت..**

ئەم پرسیارانە رامدەکێشنە نێو کردارێکی سەختی دژوارەوە، رووبەرووی پرسیارگەلێکی دیکەمان دەکات لە بەرامبەر هۆشیاریو ئاستی تێگەیشتنمان لە ماهییەتی شیعرو هەوڵدان بۆ گەیشتنو دەستلێدانی سنوورە نادیارو فراوانەکانی شیعرو جیاوازییەکانیو گرێدانی بە ئاستی داهێنانەوە، بەو مانایەی داهێنان دیاردەیەکی سەرەکیو بایەخپێدراو و گرنگی دنیای شیعرو ئەدەبەو ئەو رەسەنایەتیو مەزنێتییەمان بۆ نمایشدەکات، کە تێکستێکی ئەدەبی یاخود دەقێکی شیعری هەڵگریەتی، لەهەمانکاتدا دەبێتە پێگەیەکی گونجاو تا لێوەی ئاستی نوێبوونەوەو تێپەڕاندنو خەوشو گرفتەکانی دەستنیشان بکەین، بەجۆرێکی دیکە هەر هەمان ئەم پرسیارانە دەمانبەنە نێو کردارێکی سەختترەوە، کە ئەویش کرداری پۆلێنکردنە. بەو مانایەی کە ئێمە دەبێت لە مەغزای پرسیارەکانەوە هەوڵی ئەوە بدەین ئەو دەقە شیعریانەی کە بەرمان دەکەون لە رێگەی خوێندنەوەوە چ وەك زمانو چ وەك شێوازی نووسینو گرفتەکانی کە خەسڵەتی پرسیارەکانەو دەبێت لە رێگەی میتۆدو رەهەندە جیاوازەکانەوە لەسەریان بوەستینو باسو گفتوگۆکانمانی لەدەور چڕتر بکەینەوەو گەر بکرێت ئەو پۆلێنکارییە بکەین کە خواستی سەرجەم پرسیارەکانە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، لە قۆناغێکی تایبەتەوە بەرەو قۆناغێکی دیکە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

بەگشتی ئێمە ناتوانین خۆمان لەو حەقیقەتە فەرامۆش بکەین کە شیعر یاخود ئەدەب بەگشتی هەمیشە پێویستیان بەو پردە هەبووە کە لێوەی بتوانرێت هەنگاوەکانی گەیشتن بەبوون دروست بێت، هەڵبەتە زمان ئەو پردەیە، ئەو هێزو وزە پڕ لە رەمزئامێزەیە کە بەردەوام لە نێو سیحرو پانتاییە پڕ لە سەرسامییەکانیدا ون دەبین، هەمیشە ئەو هێزە بووە کە بۆ گفتوگۆ دەربارەی پەیوەندییە مرۆییو کولتوورە جیاوازەکان پێویستمان بە گەڕانەوە هەبووە بۆ رەهەندە قوڵو جیاوازەکانی زمانو ئاستە سیحراوییەکانی، لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوەو سەرهەڵدانی پرسیارە گەردوونییەکانی ناو فیکری مرۆڤ لە رێگەی ئامرازە جیاوازەکانی زمانەوە گوزارشتیان لێکراوە، بەو ئەندازەیەش هەم لە ئاستی پەیوەندیی رۆژانەی خەڵکیو هەم لە ئاستی مەعریفیدا رۆڵێکی کاریگەرو گرنگی گێڕاوە چ لە ناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا یاخود لە نێو رەگەزو گروپو نەژادو کۆمەڵگەی جیاوازدا هۆکارێك بووە بۆ گۆڕینەوەی خەسڵەتە تایبەتمەندییەکانو لێکدی حاڵیبوونیان لە رێگەی زمانە جیاوازەکانەوە هەم لە ئاستی ئاخاوتنو هەم لە ئاستی نووسیندا وەك کایە رۆشنبیریو ئەدەبییەکان. لێرەوە ماهییەتی زمان وەك یەکێك لە گرنگترین پرسیارەکان دەردەکەوێت بەو پێیەی پەیوەندیی زمان لەگەڵ بیرکردنەوەدا بەرجەستە دەبێتو دەمانگەیێنێتە بڕوایەك کە (مانا) وابەستە دەبێت بەچۆنێتیی بەکارهێنانی (وشە) لە نێو پێگە جیاوازەکانی (زمان)داو دەبێتە چەمکێکی گرنگی نێو ئەو پێکهاتەیەی کە دەقێکی شیعری یاخود تێکستێکی ئەدەبیی لەسەر بونیاد دەنرێتو ئەو گواستنەوەیە ئەنجام دەدرێتو دەبێتە ئەو پردەی کە لە سەرەتاوە باسمان لێوەکردو بەهۆیەوە شاعیر رەهەندە جیاوازەکانو تێڕوانینە قوڵەکانی خۆی دەگوێزێتەوە بۆ نێو بوونو چرکەساتی بەریەککەوتن. لە رێگەی (زمان)ەوە دەقێکی شیعری دێنێتە ئاراوەو لە پشتی ئەو دەقە شیعرییەوە پاڵپێوەنەری بەهێزو کاریگەر ئامادەییان هەیە، سەرجەم ئەو پاڵپێوەنەرانەش دەبنە هۆکاری بەخشینی وزەو هێز لە بەکارهێنانی دوای رەگەزەکانی دیکە، کە لە نێو دەقێکی شیعریدا ئامادەییان هەیەو کاریان پێدەکرێت.

لە راستیدا ئەو جیهانە یاخود ئەو مەملەکەتەی کە شاعیر لە رێگەی سیحری زمانو رەگەزە جیاوازەکانی دیکەی شیعرەوە پێشکەشمان دەکات، جیهانو مەملەکەتێکی سەیرو پڕ لە ئەفسونو بەدوای خۆیاندا چەندین رەهەندی جیاواز، چەندین یوتوپیای تایبەت پەلکێش دەکەن، هەڵگری کۆمەڵێك

هێماو مانان کە پێویستی زۆریان بە تێرامان و بیرکردنەوەی قووڵ و وەستان هەیە.

لێرەوە لە ڕێگەی بیرکردنەوەو تێرامان و وەستانەوە لە بەرامبەر دەقێکی مەزن و ناوازەی شیعری دەگەینە ئەوەی کە بپرسین:

ئایا ئەو هێزە کاریگەرە پڕ لە سیحرە چییە کە لە پشت دەقێکی شیعری (مەحوی)ی شاعیرەوە ئامادەیی هەیە و لە سەردەمی ئێستاماندا و دوای چەندین ساڵ هێشتاکە لە ئاستیدا سەرسامین و دەمانگەیێنێتە ئەو حاڵەتەی هاوهەست لەگەڵیا هەڵبکشێین و بەر ئەو جیهانە پڕ لە سیحرو پڕ لە پرسیارە گەردوونیانە بکەوین کە (مەحوی) لە ڕێگەی دەقێکی شیعریی کامڵەوە خولقاندوویەتی و پێشکەشمانی دەکات؟

بەهەمان شێوە دەبێت ئەو پرسیارە ئاراستە بکەین: ئاخۆ چ هێزو کاریگەرییەکە کە وا لە ناو ڕۆحی قەسیدەیەکی وەک (دەربەندی پەپوولە)ی شاعیر (شێرکۆ بێکەس)ەوە کە لە ساتی خوێندنەوەو بەریەککەوتنمان لەگەڵ سەرجەم ڕەگەزەکانی نێو ئەو قەسیدەیەدا ئێمەش دەبینە بەشێکی نێو ئەو فەزایەو هاوکات لەگەڵ خۆی دەمانبات و سنوورو بەربەستەکان تێکدەشکێنین؟

ئەم دوو پرسیارە، ئەم دوو نموونە جیاوازە، دوو سەردەمی شیعری، دوو قۆناغی شیعریی جیاواز و هەڵگری چەندین باس و لێکۆڵینەوەی جیاوازیشن. دەمانبەنە بەردەم وەڵامدانەوەیەک کە دەکرێت نوێبوونەوە بەو مانا باوە وەرنەگرین کە لە تواناماندا هەبێت سەردەم و قۆناغەکانی شیعر وەک رابردوو تەماشا بکەین و بەتەواوەتی فەرامۆشیان بکەین و دەستبەرداری ئەو مێژووە ببین کە چەندین دەنگو سەدای جیاوازی شیعریی کامڵ و ناوازەی پێشکەش کردووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەکرێت بڵێین کە زۆرجار دەبێت سەردەم و قۆناغەکانی مێژوو وەک رابردوویەک بکەینە چاوگێک، یاخود بەمانایەکی دیکە دەکرێت بڵێین کە دەتوانین لە سەردەم و قۆناغەکانی مێژوو وەک رابردوویەک (مانا)ی نوێ بۆ سەردەمی ئێستامان بدۆزینەوە، ئەگەر (نا)، کەواتە دووبارە دەبێت لە خۆمان بپرسین: بۆ زمان، یاخود فراوانیی خەیاڵ و پرسیارە گەردوونییەکان کە هەڵگری فکری قووڵ و سەرجەم ڕەگەزەکانی دیکە لە شیعری (مەحوی) تا سەردەم و قۆناغی ئێستامان درێژبوونەتەوەو وەک دەقێکی نەمرو زیندوو پێی ناوەتە نێو ئەم سەردەم و قۆناغەی ئێستامانەوە بێ ئەندازە لە ئاست دەقە شعرییەکانی (مەحوی) سەرسامین؟ هاوکاتیش دەقێکی شیعریی هاوچەرخی (شێرکۆ بێکەس) بەهەمان شێوە کاریگەریی خۆی هەیەو لە توانایدایە پێ بنێتە نێو سەردەم و قۆناغەکانی تری مێژووەوە، هەروەک حاڵی دەقە شیعرییەکانی (مەحوی) کە بە نەمری و زیندوویی ماونەتەوەو پێیان ناوەتە نێو ئەم سەردەمە نوێیەوەو لە سەرجەم قۆناغەکانی مێژوودا وەک دەقێکی نەمر، زیندوو، پڕ لە پرسیار ئامادەییان هەبووە.

کەواتە ئەوەی باس و گفتوگۆکانمانی لەسەر چڕدەکەینەوەو بەشێکی گرنگی نێو پرسیارەکانە دەربارەی نوێبوونەوەیە لە زماندا. ئەم نوێبوونەوەیە جۆرێکە لە گواستنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی ترو سەردەمێکی دیکە. لەم گواستنەوەیەدا زمان بۆ خۆی وەک چەمکێکی گرنگی شیعری دەبێتە پردێک و ڕۆڵی گرنگو بەرچاو دەبینێت، هەروەک چۆن لە سەرەتادا باسمان لێوەکرد. لە ڕێگەی سیحرو دنیا پڕ لە ڕەمزئامێزەکانی زمان بەریەککەوتن لە نێوان دەقێکی شیعری و وەرگر یاخود خوێنەر دروست دەبێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەو دوای ڕەگەزەکانی دیکەی شیعرە کە لە ناو زماندا کۆدەبنەوە، یاخود زمان کۆیاندەکاتەوەو هەڵگری چەندین پرسیاری وجودیی گەورەن لەمەڕ گرفتە قووڵەکانی مرۆڤ و پەیوەندی بە بوون و نەبوونەوە، پەیوەندی بەئازادی و نامۆبوون و تەنهایی و بێهودەیی و گومانکردنەوە.. هتد، لێرەوە ڕۆڵی گرنگی زمان خۆیمان بۆ نمایشدەکات و دەردەکەوێت کاتێک لە توانایدا هەبێت سەرجەم ڕەگەزەکانی دیکەی شیعرو سەرجەم پرسیارە جەوهەرییەکان کۆبکاتەوەو ڕێکیان بخات، ئەم ڕێکخستنە ئەنجامبدات و لەناو هەناویدا هەڵگری ئەو هەموو چەمک و پرسیارە جیاوازانە بێت، کە بەدرێژایی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو جێگەی گرنگیپێدان و بایەخپێدانی ئەدەب و ڕۆشنبیری و فیکر بووە بەگشتی، ڕەنگە سەرەتای ئەم پەیوەندییە مێژووییەی نێوان ئەدەب و فیکر لە سەرەتای فەلسەفەی یۆنانییەکانەوە دەرکەوێت، بەو پێیەی زۆربەی فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمە شاعیربوون و دیدگا فەلسەفی و فیکرییەکانیان لە ڕێگەی شیعرەوە دادەڕشت، لە چەرخی نوێشدا هەریەک لە (کیرکیگارد)و (نیتشە) فیکرە قووڵ و بۆچوونە فەلسەفییەکانیان بەزمانی ئەدەب و لە ڕێی شیعرەوە ئاراستە دەکرد، زۆر لە فەیلەسوفە هاوچەرخەکان دیکەی وەک (ژان پۆل سارتەر ئەلبێر کامۆ، سیمۆن دیبڤوار..) لە دەربڕیندا بۆ بیرە فەلسەفییەکانیان پەنایان بردە بەر هەڵوێستی شانۆیی و ڕۆمان و فیلمی سینەمایی، بەبڕوای من هەر ئەم جۆرە تێکەڵبوون و بایەخپێدانەشە کە نووسەرو بیرمەندێکی وەک (مارسیل پروست) دەگەیێنێتە ئەو بڕوایەی بڵێت: (هەریەک لە بۆدلێر، دیستۆیڤیسکی، فردریک نیتشە، لە بواری زمان و شێوازی نووسین و دەربڕینەکانیاندا توانیویانە بەرهەمانێک بخوڵقێنن کە نووسەرو ئەدیبانی دیکە نەیانتوانیوە خۆیانی لێبدەن و لەو زمان و شێوازی نووسین و دەربڕینەی ئەوان نزیکببنەوە). بەهەمانشێوە هەریەک لە (ریلکە، کافکا، برێخت) کە سێ نووسەرو ئەدیبی دیاری ڕۆژئاوان، کاریگەریی

(نیتشه)یان لەسەر هەبووەو ئەو حەقیقەتەیان درکاندووە کە ئەمان لەژێر کاریگەریی ئەو (نیشتە)یەدا بوون کە زیاتر لە هەموو نووسەرو بیرمەندەکانی دیکە خاوەن زمانو شێوازێکی نووسینو بەهرەیەکی ئەدەبیی فکریی جیاوازو فراوانو قوڵ بووە لە دەربڕینەکانیدا..). (ویفن فنك) یەکێك بووە لە قوتابییەکانی (مارتن هایدگر) بەبڕوای (فنك) نزیکبوونەوە لە بەرهەمەکانی (نیشتە) کارێکی مەترسیدارە بەو پێیەی (نیشتە) خەسڵەتێکی جیاوازو تایبەتی هەبووە، خاوەن زمانێکی ئەدەبیی قوڵو رەمزئامێزو سەرنجراکێش بووە لە دەربڕینەکانیدا، جۆرە ئامادەکاریو رێکخستنێکی تیادا دەبینرێت کە هاوشانە لەگەڵ هۆشیارییەکی کامڵو فراوانو ئاگاییەکی قوڵدا.

خستنەروو و باسکردنی ئەم نموونانە لە پێناو ئەوەدایە کە بتوانین بڵێین: زمان چەمکێکی هەرە گرنگو بایەخپێدراوی شیعرەو دەبێتە پێگەیەك، دەبێتە هێزێك بۆ راکێشانو کۆکردنەوەو رێکخستنی سەرجەم رەگەزەکانی دیکە لە شیعردا، دەبێتە ئەو (ماڵی بوون)ی کە (مارتن هایدگر) باسی لێوە دەکاتو پێی وایە زمان بریتییە لە شیعرو لە رێگەی شیعرەوە زمان خۆی چۆنە بەو شێوەیە ئاشکرا دەبێت، دەبێتە ئەو هێزەی کە رێگاکان بۆ بوون دەخەمڵێنێت تاوەکو ئامادەبێتو بەدرێژایی مێژوو و سەرجەم قۆناغەکان لای مرۆڤ بمێنێتەوە، لە رێگەی ئەم هێزە پڕ لە سیحرو رەمزئامێزەوە تواناو وزەی داهێنەرانەی شاعیر تێدەپەڕێتو تێکستەکانو بەرهەمەکان خۆیان ئەدەب بەرووی نەبووندواو دێنە نێو بوونو ساتی دەستپێکردنەوە، ئەو تێکستو بەرهەمانە دەخوڵقێنرێن کە پێشتر خوێنەر یاخود وەرگر بەهیچ شێوەیەك چاوەڕوانی نەکردوون یاخود پێشبینیی بۆیان نەبووە مەگەر لە رێگای ئەو هێزەوە نەبێت کە باسمان کرد، ئەویش (زمان)ە، کە سەرجەمی ئەو رەگەزانە کۆدەکاتەوە کە ئاماژەمان بۆ کردنو وەك پێکهاتەیەکی کامڵو چڕوپڕ بەرێگاکانی خۆئامادەکردندا دەڕۆن، لێرەوە وا پێویست دەکات کە روونکردنەوەیەك بدەین لەسەر جۆری ئەم خۆئامادەکردنە، بەو پێیەی ئەم خۆئامادەکردنە مانای ئەوە ناگەێنێت کە شیعر بچوێنین بە هاوشێوەیەکی وەك هاوکێشەی ماتماتیکی. نەخێر شیعر لە هاوکێشەیەکی ماتماتیکی ناچێت و دوورە لەوەوە کە بتوانرێت لە یەك خانەی جێگیرو دیاریکراودا جێگەی بکەینەوەو هەڵگری یەك جۆر تەفسیر بێت، شیعر ناچێتە ژێر قورسایی و فشاری هیچ جەبرو مەرجێکی دیاریکراوەوە. فەزایەکە پڕە لە ئازادیو سنوورەکانی تیادا دیاری ناکرێت. دەبێت لەو فەزا پڕ لە ئازادییەدا، لە نێو ئەو سنورە فراوانەدا ئەزموونو هەوڵەکانمان بۆ نوێبوونەوە هەوڵو ئەزموونی جدیو جەوهەری بن، هەڵگری دونیابینیی نوێ بن، هەڵگری رەهەندی جیاوازو پرسیارگەلێکی گەردوونیو وجودیی قوڵو کاریگەربن، زمان دەبێت هۆشیاریو ئاگای دەوڵەمەندو فراوانی لەگەڵدا بێت، خاوەنی خەیاڵو مەعریفەیەکی فراوان بێتو توانای شکاندنی بەربەستو بەزاندنی سنوورە جەبرییەکانی هەبێت.

ئەوەی تا ئێرە باسمان لێوەکرد چەند سەرنجێك بوون سەبارەت بە زمانو شێوازی نووسین، لێرەشەوە دەمەوێت دەرگا لە پرسیارێکی دیکە بکەمەوە کە بەشێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندیی بەسەردەمو قۆناغو مێژووی شیعری کوردییەوە هەیەو زۆر جاریش ئەم جۆرە پرسیارە رووبەڕووکراوەتەوە لەگەڵ زۆرێك لە نوسەرو شاعیراندا، کردنەوەی ئەم دەرگایە ئەماندات بەرووی پرسیارێکی دیکەدا سەبارەت بەئەزموونو هەوڵی شیعریی نەوەی پاش راپەڕین و تا چ ئەندازەو سنوورێك ئەم نەوەیە توانیویانە تێکەڵ بەو رەوتە شیعرییە ببن کە لە ئارادایە، تا چ ئەندازەیەك هەوڵی ئەوەیان داوە بەوردی ئاوڕ لە قۆناغو مێژووی شیعری پێش خۆیان بدەنو بیکەنە مەرجەعێك هەم بۆ تێگەیشتنو قوڵبوونەوەو هەم بۆ جیابوونەوەش کە لە پێناو دەنگو سەدایەکی شیعریی نوێو جیاوازدا دەبێت.

لەم تێروانینەوە ئەگەر مەبەست لە نوێبوونەوەی شیعری بەواتای جیاوازیو تێپەڕاندنو هەنگاونان بێت بەقۆناغەکانی پێش خۆی، بەتایبەت بەراوردکردن بێت بەقۆناغی شیعری کلاسیك، ئەوا بێگومان دەبێت باس لەو گۆڕانکارییانە بکەین کە پاش شیعری کلاسیکی بەسەر زمانو ئەو دوای پێکهاتەکانی تری شیعریدا هاتووە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەو گرێدانی بەپرسیارەکانی دیکەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونو شیعری شاعیرێکی گەورەی وەك (گۆران) بەو پێیەی (گۆران) یەکێکە لەو شاعیرانەی لە رێگای بەرهەمە شیعرییەکانییەوە کۆتایی بە ستایلی (زمان)ی شیعری کلاسیکی دەهێنێتو رێچکەو قوتابخانەیەکی دیکەی شیعری، فۆرمێکی جیاوازی دیکەی (زمان)مان پێشکەش دەکات، کە خودی (گۆران) وەك شاعیر وابەستەیە بەو رێچکەو قوتابخانە شیعرییەوە، ئەم تازەگەرییەی کە (گۆران) لە ئاستی شیعردا پێشکەشی دەکات دەتوانین بڵێین میراتی ئەدەبو فکری خۆرئاوایە، بەڵام بۆ دونیای رۆشنبیریی ئێمە دەشێ بە تازەگەری ناوزەدی بکەین، بەڵام ئەو حەقیقەتانە کامانەن کە دەبێت دەستنیشانیان بکەین، کە پرۆسەی شیعر بەتازەگەرییەوە دەبەستێتەوە. (بەختیار عەلی) لەسەر ئەم دەستنیشانکردنە دەوەستێ و پێی وایە هەموو شیعرێك دەکرێت لەگەڵ کۆی شیعرەکانی دنیادا جیاوازبێت، بەڵام هەموو جیاوازییەك جیاوازیی تازەگەرانە نییە، بەو پێیەی تازەگەری لەسەر جیاوازیو شتگەلێکی دیکەش بەندە، شیعری تازەگەر بەتەنها لەسەر جیاوازی کار ناکات، بەڵکو لەسەر جیاوازییەکی هوشیارو دۆزینەوەیەکی ئاگایانەی رەگەزە هاوبەشەکان کاردەکات. بەبڕوای (بەختیار عەلی) کۆن

لە شیعر دەرناکرێت، بەو مانایەی ئێمەو کۆن بەیەك کەرەستە کاردەکەین، کە (زمان)ە. کۆن لە ڕێگای نەستو یادەوەریو خەزینەی (زمان)ەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان گەڕانەوە و دووبارەبوونەوەدا، کۆن زەوییەك نییە پڕ نەبێت لەو نادیارانەی لە شیعردا بە دوایدا دەگەڕێین. ئەوەی گرنگ لە تازەگەریدا تێکشکاندنی سیستەمی کۆنە، تێکشکاندنی جۆری دەرکەوتەکەیەتی، کۆن دەبێت بگەڕێتەوە، بەڵام نابێت دووبارەبێتەوە. (بەختیار) بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی ئەم تێڕوانینە وتەیەکی (دریدا) دەهێنێتەوە کە پێی وایە هیچ شتێك ون نابێت، بەڵام لە ناکۆیی دیکەدا دەیبینینەوە، تازەگەری لە شیعردا دیتنەوە ئەو ناکۆییە تازەیەیە.

لێرەوە کاتێك باس لە تازەگەری دەکەین لە شیعری (گۆران)دا بەو مانایەی کە شیعری گۆران ئەم خەسڵەتانەی تیادا بەدی دەکرێ، ستایلی شیعری گۆران بە قۆناغی ڕوانگەدا تێدەپەڕێت و قۆناغی هەشتاکان دەبرێت بۆ دوای ڕاپەڕین نموونەی دیارو بەرچاوی زیندووش بۆ قۆناغ و کۆتایی ساڵانی حەفتاکان و سەرەتای قۆناغی هەشتاکان ئەو دەنگانەی کە لەو قۆناغەدا خاوەنی زمانێکی نوێیی و فۆرمێکی نوێیی شیعرین هەر یەك لە (شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت) بوون.کاتێکیش باس لە قۆناغی هەشتاکانیش دەکرێت لە شیعری کوردیدا، ناکرێت تایبەتمەندیی شیعری شاعیرێکی وەك (محەمەد عومەر عوسمان، فاتیح عیزەدین) لە یاد بکەین.

لە پاش ڕاپەڕینەو ئەزموونێك کە دەکرێت جێگەی باس و گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەکانمان بێت و بەجدی لەسەر بوەستین، ئەزموونی شیعری (بەختیار عەلی)یە، کە پێگەیەکی فراوان و بەرچاوی ئەم قۆناغەیەو کاریگەریی فراوانیشی لەسەر ئەم نەوەیە هەبووە. سەرباری ئەمەش دەبێت ئەم حەقیقەتە فەرامۆشنەکەین کە شاعیرانی دیکە هەن خاوەنی ئەزموون و تایبەتمەندیی خۆیانن، بەڵام بۆیە ئەزموونی شیعری (بەختیار عەلی) وەك نموونەیەکی زیندوو دەهێنمەوە، چونکە ئەزموونی شیعری بەختیار بە جۆرێك دڵنیای کردین لەوەی کە (زمان)ی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە لە ئاست شیعرو فیکرو ئەدەب بەگشتی، سەرباری ئەم بۆچوونەش (بەختیارعەلی) پێی وایی کە ئەزموونی شیعری (شێرکۆ بێکەس) لە سەرەتای قۆناغی هەشتاکانەوە هیچ بەربەستێك نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم ئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەڵام ئەمرۆ شێرکۆ گەورەترین ڕێگرە یاخود بەربەستێکە لەبەردەم ئەزموونی نەوە شیعرییەکانی پاش خۆی، بەتایبەت نەوەی پێش ڕاپەڕین، بە مانایەکی دیکە واتە کەس مژدەی دژە (شێرکۆ)ی پێ نەبوو، بەڵام من پێم وایە (گوناه و کەرنەڤاڵ) ی (بەختیار عەلی) هەڵگری ئەو مژدەیە بوو، کە بە فۆرمێکی نوێ و زمانێکی پڕ لە سیحری و ڕەمزئامێز و دنیابینییەکی قووڵ و فراوانەوە دەرکەوت و پرۆسەی خوڵقاندن و داهێنان لە بەرهەمەکانیدا دەبینینەوە.

سەر لە نوێ دەمەوێ ئەوە بیر بهێنمەوە کە ئەم بۆچوونە ناکاتە ئەوەی لە دوای ڕاپەڕین دەنگ و سەدای شیعریی دیکە بوونیان نەبووبێت، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە ئایا چەند لەو دەنگە شیعرییانەی پاش ڕاپەڕین توانیویانە ببنە سەدایەکی شیعریی حەقیقی و ڕاستگۆ؟ چەند لەو دەنگە شیعرییانەی هەوڵی ئەوەیان داوە وەك زمان و دنیابینی جیاوازبن و ئەزموونی نوێ و تازەمان پێشکەش بکەن؟ ئەو دەقە شیعرییانەی کە لەمرۆدا بەریاندەکەوین تا چەند هەڵگری ئەو پرسیارگەل و کێشە فکرییانەن کە باسیان لێوە دەکەین؟

ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری دیکە جۆرێك لە ئاسانکاریمان بۆ دەکەن لەمەڕ تێگەیشتنمان لە بەرامبەر ئەو گرفتانەی کە ئەمرۆ و (لە نێو ئەو ڕەوت شیعری و ئەدەبییەدا دەیبینین، کە بە ڕەوتی نەوەی نوێ یاخود نەوی پاش ڕاپەڕین ناو دەبرێت، بەڵام ئەم کارە پێداویستی بە وەستانی جدی و وردبوونەوە هەیە، کاتێکی فراوانتر و بوارێکی زیاترمان پێویست دەبێت تاوەکو لەسەر سەرجەمی ئەو دیاردانە، لەسەر سەرجەمی ئەو خاڵانە بووەستین کە ئەمرۆ و لە ئێستای شیعری کوردیدا بە خەوش و کێشە ناو دەبرێت، دەبێت بە بایەخپێدان و گرنگییەوە تەماشا بکەین و خوێندنەوەمان بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا هەبێت، تاوەکو هەوڵی ئەوە بدەین ئەو دەقە شیعرییانەی خەسڵەتی ڕاستەقینەی شیعریان تێدایە لە (ناشیعر) جیایان بکەینەوە، لەسەر ئەو دەقە شیعرییانە بوەستین کە ڕاستگۆیانە توانیویانە خاوەن تایبەتمەندێتی و خەسڵەتی خۆیان بن و مەودای زیندوێتی و ژیانمان لەگەڵماندا درێژتر دەبێتەوە، هەروەك چۆن (ڕۆلان بارت) پێی وایە ئەو ساتانەی کە بەر دەقێکی مەزن و ناوازەی ئەدەبی دەکەوین، ئەو ساتە گەشتێکی پڕ لە جوانی و سەیرو سەمەرە دەکەین، بە ئەندازەیەك کە ئەو دەقە گەر بۆ ماوەیەکیش بێت تێکەڵ بە ژیانمان دەبێت و دەرئەنجام لە پیشت ئەو بەشداریکردنەوە بە خەون و دنیابینییەکی دیکەوە سەر دەردێنین.

کەواتە سەرەکیترین خەسڵەتی شیعر پەیوستە بە مەودای تێکەڵبوومان و هەروەها چۆنێتیی کاریگەری و مانەوەی لەگەڵ ژیانمانا، هەروەکو چۆن کاتێك وەکو وەرگر یاخود وەکو بینەر تەماشای فیلمێکی باڵاو پڕ لە جوانی دەکەین و پاش کۆتایی هاتنی فیلمەکە بۆ چەند سات و ڕۆژێك لە زەینماندا دەمێنێتەوە و کاریگەری لەسەرمان بەجێدێڵێ، ڕۆژگارێك تێکەڵ بە ژیانمان دەبێت بە هەمان شێوە خەسڵەتی شیعری مەزن و ناوازە بە جۆرێك لە جۆرەکانی مەودای پێکەوەژیانمان لەگەڵ سەرجەم دەقەکەدا درێژ دەکاتەوە. ئایا مەودای نێوان وەرگر لەگەڵ شیعری ئەم نەوەیەدا لەم چوارچێوەیەدا دەبینرێت؟

شیعری نەوەی پاش راپەرین تا چ ئەندازەیەك کاریگەریی هەبووە لەسەر خوێنەر، مەودای ژیان وەك دەقێکی زیندوو تا چ سنوورێك درێژتر کردۆتەوە؟

لە کام کەسایەتییەوە؟ چۆن بچینە ناو کرداری پۆڵینکارییەوە و چ هەڵبژێرین؟ ئایا پێویست دەکا بگەڕێینەوە سەر بنەماکانی بابەت؟ یاخود بە تەنها کەسایەتی و خودی شاعیرەکە بەسە؟ دەکرێ خۆمان وا بەستە بکەین بە سنوورەکانی کات و شوێن و زەمانەوە؟ یان بە تەنها بەرکەوتنمان لەگەڵ دەقە شیعرییەکاندا بێت؟ ئەم پرسیارو سەرنجانە مانای گرنگی و بایەخپێدانن، بە هەمان شێوە پرسیاری دیکە لەگەڵ خۆیان رادەکێشن، رەنگە گرنگترینیان پەیوەندیی بە جوگرافیاو سنووری ئەو مەوقیعەوە هەبێت، سنوور و جوگرافیایەکی داخراوەو دەرگاکانی بە روویدا داخراوە، ئەم حاڵەتە کاریگەریی نێگەتیڤی دروستکردووە، بەشێوەیەکی گشتی هەموو فشاری رۆشنبیری و فیکرییان لە دەوری شیعر چڕ کردۆتەوەو زۆربەی کارە هونەری و ئەدەبییەکانی دیکەمان فەرامۆشکردووە، ئەمە دۆخێکی نا تەندروست دەبەخشێتە ئەم قۆناغە، ئەگەر کولتووری ئێمە لە قەیراندا بێت و بمانەوێ لە رێگەی شیعرەوە ئەم قەیرانە پڕبکەینەوە، بێگومان رووبەڕووی قەیرانی ئەدەبی و فیکری دەبینەوە، لەنێو رۆشنبیریی کوردیدا، سەرباری ئەمەش ناکرێت ئەو چەپاندن و تاپۆ و هەمەلایەنانەمان لەیاد بچێت کە بۆتە گرفتێکی قووڵ و کاریگەری کۆمەڵی کوردی و بە جۆرێك شیعر بۆتە سەرقافڵەی فکر و هونەرو لایەنە ئەدەبییەکانی دیکەو بە جۆرێك بووەتە گرفت و خەوشێکی بەربڵاو و ئەو دۆخە ناتەندروستەی دروستکردووە کە لەم قۆناغەدا بە زەقی دەبینرێت، گەر قسەمان لەسەر شیعر هەبێت وەك گەورەترین و قووڵترین بەهای رۆحیی مرۆڤ دەبێت ئەو دیاردە قێزەون و ناشیعرییانە رەش بکەینەوە، کە هەوڵ و ئەزموونی جدی لەم قۆناغەدا لەبار دەبەن. دەبێت نووسین و رەخنەو هەڵویستمان هەبێت لە بەرامبەر ئەو دامودەزگا رۆشنبیری و ئەدەبییانەی بە ناوی رۆشنبیری و ئەدەبەو خەریکن، بەبێ هەستکردن بە مەسئولییەت کولتوور و مێژووی ئەدەبی و رۆشنبیریمان ناشرین دەکەن، وەزاەتی رۆشنبیری یەکێکە لەو دەزگایانەی بەبێ هیچ سانسۆر و مەرجێك، بەبێ هەستکردن بە مەسئولییەت و بە پاساوی نامەنتقییەوە مانگانە چەندها بەرهەمی کاڵوکرچ و نا ئەدەبی بڵاودەکەنەوە، ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە ئەم پەتایە ئەو دەزگا رۆشنبیری و ئەدەبییانەشی گرتۆتەوە کە ساڵانە فێستیڤاڵ ساز دەکەن و دەنگ و سەدای وامان پێشکەش دەکەن کە نەك شایستەی فێستیڤاڵ نەبووە، بگرە شایستەی ئەوەش نەبووە کە بەرهەمێکی لەو چەشنە بدرێتە دەست لیژنەی هەڵسەنگاندن و بخوێندرێتەوە. هەر بۆیە دەکرێت چ وەزارەتەکان و چ ئامادەکارانی ئەو فێستیڤاڵانە میکانیزم و بەرنامەی خۆیان بگۆڕن و بە مەسئولییەت و جدی خۆیان لەو کارانە بدەن، دەنا کاتی ئەوە هاتووە کە چەشنی ئەو دەزگا و بنکە ئەدەبی و رۆشنبیرانە هەڵبوەشێنرێتەوە و رێگەیان پێنەدرێت بە ناوی ئەدەب و رۆشنبیرییەوە کولتوورو رۆشنبیریمان وەك مێژوو وەك ئێستا بسوتێنن.

دەبێت لێپرسینەوە و بەدواداچوون هەبێت سەبارەت بەو نامیلکەو کتێبە بەناو شیعرییانەی بەلێشاو رژاونەتە سەر شۆستەو کتێبخانەکان و کاریگەریی نێگەتیڤیان لای خوێنەر دروست کردووە، دەبێت سنوورێك بۆ ئەو دیاردەیە دابنرێت و چیدی رێگە نەگریت بەو جۆرە ئەم دیاردەیە درێژە بکێشێت، چونکە ئەم دیاردەیە حاڵەتێکی نا تەندروستی خوڵقاندووە، مەودای نێوان خوێنەرو شیعری بە ئەندازەیەکی فراوان دوورخستۆتەوە، بۆ ئەم کارەش وا پێویستە دەکا ئاوڕ لەو بەرهەمە شیعرییانە بدرێتەوە کە سەرجەم خەسڵەتەکانی بوون بە شیعریان لەخۆگرتووە، دەبێت خوێنەر یاخود وەرگر بە شیعری راسەتەقینەو باڵا بناسێنین. بەهەمانشێوە دەبێت سازکردنی فێستیڤاڵەکان لەپێناو دۆزینەوە و دەرخستنی دەنگ و سەدای شیعریی جدیدا بێت، لەپێناو دەرخستنی بەهرەی راستەقینەو جدیی شیعریدا بێت و هەوڵ بدرێت لە ئایندەدا خۆیان لەو دەستتێوەردان و موجامەلە حزبییانە بدزنەوە، کە خەریکە دەبێتە سیمای ئەو چالاکییانە، دەبێت مامەڵە لەگەڵ جەوهەری راستەقینەی شیعردا بکرێت، بەبێ هیچ رتووشێکی سیاسی و حزبی، بوار بۆ شیعر، شیعری راستەقینەو پڕ لە جوانی، پڕ لە پرسیاری قووڵ و فرەڕەهەند فەراهەم بکرێت.